# فەلسەفەی لە دایکبوونی گرووپ

## (ا) ـ گرووپ و هێزی فکر

پێش لە هەموو شتێک دەبێ ئێمە ئەو باوەر و لێکۆڵینەوە و خوێندنەوە هەبێت ئەوە بزانین، کە دروستکردنی گرووپ و سەرهەڵدانی بزاڤی گرووپ دەگەرێتەوە بۆ بەرهەمی فکری مرۆڤ لە فەلسەفەی مێژووی مرۆڤایەتیەوە. مرۆڤ وەکو هۆش و فکر و دەروون و جەستە، بنچینەی کۆمەڵگایە و سیاسەتیش لەم ڕوانگەیەوە دا هەر بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگایە. بەر لەوەی باسی لە دایک بوونی گرووپ بکەین، پێویستە باسی ئاستی تێگەیشتنی مرۆڤ و کۆمەڵگا بکەین. گرووپ، لە بنەما و ناحی خۆیدا دەبێ بە فەلسەفیانە بێت وە بە فەلسەفیانە لە سەر ڕووداوەکان و دیاردەکان شتەکان ڕابوەستێت و ئاراستەکانی خۆی پێشکەش بکات. چۆنکە ئەگەر گرووپ بێ فکر دروستی بوو ئەو کاتە ناتوانێت ببێتە ئامرازێکی باش بۆ دامەزراندنی داهێنان و خەباتێکی گەورەی گۆرانکاری. فکر ڕۆڵێکی سەرەکی لەم جۆرە بیری سامانگەرییەدا دەبینێت. فکر، خۆی لە خۆیدا بۆنیادنان و دەرئەنجامی پرۆسەیەکی گەورەی ئاواکردنە. فکر دوو جەمسەرە، جەمسەرێک مرۆڤ ئامادە دەکات، کە سینۆری ئازادیەکانی خۆی تاکەکەسی بەردەوام فرەوانتر بکات و ئەو فرەوانییە شووربکاتەوە ناو زوربەی دەزگایی خێزان و زانکۆ و شوێنە رەسمیەکانی حکومی و بە تەواوی ناوچەکان. ئەم جەمسەرە تایبەتە بە ئەزموونکردنی فکری تاکەکەسەوە بۆ بوونەوەرێکی جیاواز تر و بوونێکە لە هۆشیاری بوونی تاکەکەس دەربارەی چیەتی مرۆڤ و پرسی ئەخلاقی و سیاسی و کۆمەلایەتی و...هتد. هەروەها جەمسەری دووەمیش ئەوەیە مرۆڤ ئامادە دەکات ئاگایی لە ڕووداوەکانی ناو ژیان بێت و پێداچوونەوەی ئەو مەترسیانەي لە ناو کۆمەڵگا و پرسی تاکەکەسی دا بکات و لەسەرێکەوە ئاگای لە ناسین و بینین و هۆشیاری کێشەکانی ناو واقیعی مرۆڤ و کۆمەڵگا بێت. فکر هەمیشە هاوکاری دروستکردنی ستراتیژی مەعریفە دەکات، مەعریفەیش هاوکاری تێگەیشتنی زیاتری فکری مرۆڤ دەکات بۆ ئەوە ناهێلێت مرۆڤ پشت بکاتە ڕووداوەکان و دۆخی ئەو دونیایەي تێدا دەژیت. لەلایەکی تر، فکر هی بەدەر نیە لە دروستکردنی چەمکی دکتاتوریەت، فکر کاتێک دەکەوێتە ناو ناوەندە سیاسیەکان روو لە سیستەمی ئایدیۆلۆژی دەکات و ئەو کاتە دەبێتە بارهەڵگری ئەقلانیەتێکی تۆندرەو لەم لایە دا دەکەوێتە ناو خانەی ئۆمێد و ماندووبوون. بەلام فکر کاتێک وەکۆ ستراتیژییەکی مەعریفی دەکەوێتە ناو زانیاری و بیرکردنەوەی تاکەکەس ئەو کاتە روو لە گۆرانکارییەکی گەورەی کۆمەلایەتی و کۆمەڵگا دەکات. چۆنکە تێگەیشتنێکە وەکۆ هەنگاوێکی سەرەکی بۆ داڕشتنەوەی ئەو دۆنیایەی تاکەکەس تیادا مامەڵە دەکات و واقیعی خۆی دەبینێت. لەم ڕۆانگەیە دا دەبێت پێش لە بۆنیادنانی گرووپ، مرۆڤ خاوەن بیرکردنەوەییکی بەرهەمداری هێز و توانا و گەشەکردن و سیستەمی بێت. کاتێک مرۆڤ روو لە گەشەکردنی بیرکردنەوە و فکری خۆی کرد ئەو کاتە دەتوانێت خۆ لە هەموو بوارێکی ژیان دا پێش بخات وە دەتوانێت لە بەردەم ئەو وێنە و ئایدیایەکانی لە مێشکی ئەو دا دەبنە جۆرێک لە دروستکردنی بتەکان، هەوڵبدات بتەکان بە بیرێکی تازەی فەلسەفیانە بشکێنێت و دواتر وەکۆ مرۆڤێکی بالا ببێتە سیستەمێکی گەورەی خۆ نوێکردنەوە. وێنەی گرووپ بەندی یاخۆد لەدایک بوونی گرووپ خۆی لە خۆیدا هێزە. بەلام بەر لەوە ببێتە هێز، پرسیارێکی گرنگ خۆی بەیان دەکات ئەویش ئەوەیە ئایا تاکەکەس دەکاتە هێز یاخۆد بە تەنیا مەبەستی گرووپ بەندی ئەوە تاکێک بکاتە ڕێبەر و شۆان؟ ئەم پرسیارە پەیوەستە بە خوێندنەوەی بیری تاکەکەسی! ئامانجی گرووپ بەندی دەبێ ئامانجێکی روون و ئاشکەرا بێت. سەرەرای ئەوە لە پێناو لێکدانەوە فکرێکی فرەرەهەند دەبێ هەوڵبدات دەست بردن بۆ کارکردنی جیهانی بیرکردنەوەی هەموو تاکەکەسێک ببات نەک تەنیا ببێتە ئامانجی کارکردن و درووستکردنی خواست و بەرژوەندی شێوانێک! لە لایەکی تریش ئایا چ وا دەکات ئەو هێزە بەرپرسیاری خۆی وەربگرێت و درووست ببێت؟ هەروەها گرووپ خۆی لە خۆیدا پێکهاتەیەکە بۆ چ جۆرە پرۆژەیەک؟ لێرە دا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە بۆچی گرووپەکان لە دایک دەبن؟ ئەو گرووپانەی لە دایک دەبن چ

جۆره فكرێک بەرهەم دێن؟ بە چ شێواز فکر ئاراستە دەکەن؟ چۆن بنەمای خۆی ساز دەکەن؟ فاکتەرەکان چین؟ پلانەکان چین؟ لە چ کات و زەمەنێک دا دەتوانن خۆیان لەگەڵ جیهاندا بگونجێن و...هتد؟

### (ب) ـ بۆچی گرووپەکان لەدایک دەبن؟

لە دایکبوونی گرووپەکان تەنیا نیشتەجێکردنی فکر و تێز و تیوورەکانی لە ناو دونیا دا نیە یاخۆد ئامرازێک بۆ راڤەکردن و تێگەیشتنی کێشەکان بە تەنیا نیە. بەڵکو پێداگرتنە لە سەر گرنگی ئەو رەهەندە گشتی و هاوبەشەکانی ژیان کە مرۆڤەکان پێکەوە لە گەڵ یەکدا درووستی دەکات و کۆدەکاتەوە. بۆیە کاتێک ئازادبوونی کارێکتەر و بیرکردنەوە مرۆڤ بوو بە ئۆرگانێکی فکری، سیاسی و کۆمەڵناسی، ئەو کاتە پەیوەندی مرۆڤیش دەبێتە پەیوەندیەکی بنچینەیی و چوارچێوەیەکی تایبەت لە خەیاڵێکی دەوڵەمەند و دروستکردنی زمانێکی نوێ مەعریفی. لەگەڵ ئەم پرسیارەکەی سەرەوە، پرسیارێکی تری جەوهەریش خۆی بەرهەم دەهێنێت، ئەویش ئەوەیە، ئایا  دایک بوونی گرووپ لە کوێوە زۆر تر سەرهەڵئەدات ؟ بە بیرکردنەوەی من، گرووپ لەو ناوچانەدا پەیدادەبن ئەو ناوچانەی ناکۆکی و ململانییەکی زوری رۆخاندن و شێواندنی چەمکەکان تیادا بەدی دەکرێت وە ئەو ناوچانەی گرێدراوی واقعێکی ستەمکاری و پری ناڵین لە دەستی داگیرکاری و سینۆر دروستکردن و بێ بەهاکردنی شتەکان. من پێم وایە خەتی گرووپ خەتی یاخیبوونە. کاتێک مرۆڤ لە نێوان کۆمەڵگایەکی پری جەنگەڵ و پری لە نا سەقامگیریەوە بێت، وە دەسەلاتێکی پر لە بیری گەندەڵی و نامووی و درۆزنی و بێ کەڵکی و شتە نا مەعریفیەکان و بەکویلەکردنی تاک وەکۆ کۆیلە و پیشت گوێ خستنی خەڵک و ئاستی نەخوێندەواری تییادا بێت و تەنها خەمی ئەو دەسەلاتە هەموو ئەوە بێت، کە هێزی سەربازی خۆی  بۆ لایەنی دەرەکی بە هێز بکات و ئابووری خۆی لە سەنگەری دەرەکی دا بداتە مەزاختن و هاوەلاتیەکانی ناوەوە لە ژێر هەژموونێکی مەترسیدار و توندوتیژی و زمانی هەرەشە و زمانی پێشلکردن و زمانی چەوساندن و سەپاندنی هەندێک بیری دۆگمایی و ناکۆکی چینایەتیەوە بێت، بێگومان ئەو کاتە مرۆڤێک درۆست دەبێت کە بیر لە گۆرینی شتەکان بکات و بیر لەو هەڵوێستانە بکات. ئەو هەڵوێستانەی بیر لە ئاراستەی پرسی فەلسەفەناسی لە بواری رۆشنگەری پیشەسازی، کۆمەڵناسی، دروونناسی و بیۆلۆژیناسی و... هتد لە خۆیەوە دەگرێت و دەبێتە دەرکەفتیەکی بەهێزی کارتێکراوی دۆخەکە.  گرووپ دروستکردن تەنیا یەک رێگا نیە، چۆنکە لە دایکبوون گرووپ بنچینەی بیرێکی قووڵی فەلسەفی و سەرهەڵدانی گۆ ڕانکارییە بەرامبەر بە شتە نەگۆرەکان. هەروەها شۆڕشە لە دەرئەنجامی نا شۆڕشەکان. بۆنموونە، ئەگەر شۆڕشی فرەنسی بیکەمە نموونەی ئەم بابەتە، کاتێک بەر لە شۆڕشی فرەنسی دروست ببێت رۆلی کەنیسە لە ئاورۆپا رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو، کەنیسە تا ئاستێکی بڵند لە سەر بیر و باوەرەکانی خەڵک زاڵبوو تاکەکەس ئەو کاتە کەوتبووە ژێر باری بیرکردنەوەی دەسەلاتی ئاینی و سیاسی و ئابووری، چۆنکە دەسەلاتی ئاینی لە گەڵ دەسەلاتی سیاسی وەک ئاراستەی ئیدارەکردنی خۆ بەرێوەبەری بوو. ئەو کاتە بیری کۆمەڵگایش لە ژێر بیری سیستەمی فیۆدالی هاتبووە گرێدان و بیری نەتەوەیش لە ژێر هەژمونی سەختی ژیان دا بوو، بۆیە زوربەی کۆمەلگەکانی ئاورۆپا لە کەرتی ژیانی ئابووری و گشتوکاڵی و بازرگانی دا ئاکتیڤ نەبوون و شکستیان هێنابوو، چۆنکە ئاورۆپا رووبەرووی کاریگەری شەری سار و گەرم ببوو بە تایبەتی لە جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم زیانێکی زوری ماددی و مانەوەی بە کۆمەلگەکانی کەوتبووە. ئەم بیرکردنەوە لە ناخی تاک دا  گەشتبووە ئەو قۆناغە یان دەبێت تاک خۆی رزگاربکات و هۆشیاری خۆی رابگەینێت، یانیش دەبێت بە یەکجاری لە ژێر ئەو بارە قورسەي دەسةڵاتی سیاسی و ئاینی دەربچێت و بگاتە سۆڵحی ئاشتی و ئیرادەی خۆی. پاش ماوەیەکی لە ئەنجامی کۆکردنەوەی بیری زوربەی هزرمەند و رۆناکیبرەکان و کەسە فکریەکانی وەکۆ"مۆنتیسکۆ"/ ئەو بیرمەندەیی دژی ستەمکاری و سەروەری دروستکردنی جیاکردنەوەی یاساکانی هەر سێ دەستهەڵاتەکەی "دادوەری، پەرلەمانی و جێبەجێکاری" . هەروەها "ڤۆلێتێر"/ بەرهەمهێنەری کۆمەلگەیی "مەدەنی و چاکسازی ئازادی بیری ئاینی". دیسان "جان جاک رۆسۆ و جۆن لۆک" "درۆستکردنی پەیمانی کۆمەلایەتی". بە هاوکاری بیری ئەم

بیرمەندانە زەمینەی دیالۆگ و شۆڕشی نوێ لە فرەنسا سەرهڵدا. چەندین ساڵ پاش ئەوە پەیمانی ویستڤالیا/ 1648 لەسەر دەستی چەند گرووپێکی بە ناو نوخبەوە گەیشتە ئاستی سوڵح کردنی ئاشتی ناوچەکان و دەوڵەتەکانی ئاورۆپا. ئەم پەیمانە بە زمانی فرەنسی هاتووەتەوە راگەیاندن وە دەسەڵاتی سیاسی لە ئاورۆپا بە یەکجاری هاتووەتەوە گۆرین. پێش ئەوە، فکری سیکۆلاریزمی پەیدابێت ئاین لە سیاسەت هاتووەتەوە جیاکردن. بە تایبەتی پشتی کۆتایی هاتنی شەری مەزهەبی/ کاتوولیک و پرۆتێستان، ئاین بوو بە بەشێکی سەرەکی لە نێوان تاک و خوداوە، کەنیسەیش بوو بە سازیەکی سەربەخۆ وە سیستەمی سیاسیش تا رادەیەک گەیشتە خاڵی بەرێوەبردنی پەیوەندیە دیبلۆماسیەکان و ئاراستەی پرۆژەی دەوڵەتگەرایی، بە هاوکاری ئاشتیکردنی پەیمانی ویستڤالیا سنووریی هەر دەوڵەتێک هاتووەتە دەستنیشانکردن وە هەر نەتەوەیەک بۆ دەوڵەتێکی سەربەخوە. لێرەوە راستە شۆڕشی فرەنسی باجێکی گەورە لە رووی هاوەڵاتیبوون و پرسی کەم تەرخەمی ئابووری و خزمەتگۆزاری و مافە ڕەواکانی سەرەتایی دا، بەڵام بەر لەوە ئەو شۆڕشە سەرهەڵئەدات زەمینەی فکری لە فرەنسا بەرەو لووتکەی بیرکردنەوە گەیشتبوو ئاستی تێگەیشتنی تاکەکەسی و تاکەکەس باش لە پرسەکانی ئەرک و مافی خۆی ئاشنا ببوو، زانی کە بیروباوەری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵگا بە چ پێویستیەکی هەیە؟ یاخۆد چۆن دەتوانن داوای مافەکانی خۆیان بکەن؟ هەروەها لە سەر چ بنەمائێک توانایی هەڵگری دروستکردنی گرووپێکی سەربەست و چالاک هەیە!. کاتێک ئاورۆپا گەیشتە ئاستی قووڵی بیری سیاسی و کۆمەڵناسی و فەلسەفی ئەو کات "جارنامەی مافی مرۆڤ" لە سەر دەستی رێژەییێک لە نووسەرەکانی ئەو سەردەمە وەکو رینیەکاسان و هیرم سانتا کروز و جۆن هەمفەر و... هاتووە نووسین و بوو بە جارنەمەیەکی جیهانی، کە تییادا گرنگترین خاڵی ئاوروپا تا ئێستا کردووە دەستوری مرۆڤ پاراستن و رێوەبەری ئەوە بوو کە "دەبێت مرۆڤ سەنترالْ بێت، نەک خودی رەگەزەکان". ئەم جاڕ نامەیە بوو بە ئەنجامی چارەسەرکردنی زوورترین کێشەکان لە نێوان چین و توێژەکان و برێک لە پێگیری دروستکردنی زەمینەی دادپەروەری لە سەر ئەرزی واقیعی ئەو سەردەمە. ئەمە بۆ کرانەوەی دەرگایەکی باش لە بەردەم کردنەوەی زوور پەیمانی تری کۆمەڵایەتی مینا پەیمانی ڤییەنا و بەرلین و... هتد. ئها لێرە من دەمەوێت ئەوە بڵێم کۆی ئەم نموونانە هەموویان لە ژێر هەژموونی فکر دەرکەوتبوون وە گەیشتنە قۆناغێک، کە بتوانن پشت بە دایکبوونی گرووپ بەندی ببەستن و بگەنە ئەم ئاستە شۆڕشە نوێگەریەوە. ئەم کۆمەڵە بیر و باوەرانە وای کرد دۆخی هەڵویستی زیاتر روو لە گەورەبوونی رەخنەسازی بکات و ئازایەتی تاک گەورەتر بکات و وا لە تاک بکات هەڵۆیستێکی ڕەخنەیی دابنێت کە بتوانێت دۆنیایی ئەمرۆ لە ئالۆزییەکاندا ببێنت و دەربارەی تاریکیەکان و ناڕوونیەکان و ئەگەرەکان و رێگریەکان کار و خەباتێکی گەورە بەرامبەر دژە واقیعەکان بکات.

## (ج) ـ گرووپی شۆڕشی کێن؟

ئەگەربڵێن ئایا مەبەستی شۆڕش لە گرووپ دروستکردن چییە؟ ئەم پرسیارەیش کۆمەڵێک باسی تری لە خۆیەوە هەڵدەگرێت. ئەویش ئەوەیە، دەبێت مرۆڤ پێش ئەوەی دەست بکات بە بڕیاردان بزانیت خۆدی شۆڕش خۆی چییە؟ یاخۆد شۆڕش لە سەر چی بنەمایەک دروست دەبێت؟ هەروەها خۆدی تاکەکەس چۆن دەگاتە ئەو باوەرە کە شۆڕش فاکتەری خۆ گۆرین و نۆژەنکردنەوە یە؟

شۆڕش: خۆی لە خۆیدا دەرکەوتەی بیری یاخیبوونی مرۆڤە بەرامبەر داگیرکاری. کاتێک وەلاتێک یان کۆمەڵگایەک یاخۆد نەتەوەیەک، یاخۆد کەسایەتی و ناسنامەی مرۆڤی داگیرکاری لەسەری هەبێت و داگیرکاریەکە لەو ئاستەدا بێت کە فکر و زمان و ناسنامە و شۆناسی نەتەوەکە لە ژێر باری قورسی بن پێکردن و وێرانکردن و لە ناو چوون دابێت بە تابیەتی ئەگەر لە هێڵی یاسایی نا مەدەنیکردنی کۆمەڵگا و نا سەروەری سیاسەت و زمان و فەرهەنگی وەڵاتەکە، جورێک لە پەردەپۆشی هەبوو ئەو کاتە شۆڕش دژی ئەو نەریتە شەرخوازیە دەست پێ دەکات بۆ ئەوە ئەو شتانەی ئەمرۆ بۆ جیهانی مرۆڤ باش و بەسۆدن هەوڵبدات بۆ سۆبەینێ و داهاتوو گەورەتر و و بەهێز تر بکات وە ئەو شتانەی ئەمرۆ بۆ جیهانی مرۆڤ خراپ و

بەسۆدن هەوڵبدات بۆ سۆبەینێ و داهاتوو بچووکتر و لاواز تر بکات. لێرە من هیچ کاتێک لەگەڵ شۆڕشی گۆرینی کۆرسی یاخۆد هێناوەی ڕێبەرێک بۆ ناو ناوەندی دەسەلات وەکۆ جۆرێک لە ریفورمخوازی، یاخۆد جۆرێک لەو کۆدەتایانەی حیزب و دەوڵەتێک لە پێناو تەواوی خزمەت گەیشتن بە ئاسۆی پەیوەندی خویان بۆ ئەوە پیلانگیری ئەوەی هەبێت ئاگرێک هەڵبکەن و داواتر جەماوەر تیادا بسووتێنن، نیم! چۆنکە خۆدی ئەو شۆڕشە لە بۆنیادەوە شۆڕشی بارکلّی و ڕۆزا لۆگزامبۆرگ و سارتەری و رۆسۆی و... ئەمانە نیە! تەنها هەڵخەڵەتاندنێکە بە ناوی شۆڕش بوو بە فیرۆدانی خۆینێ تاکی مرۆڤ! من ناو لێ دەنێم، شۆڕشی "سپی و رووت"، شۆڕشی "سپی و رووت" شۆڕشێکە تەنیا جەماوەر هاندەدات بۆ کێشانەوەی وێنەیەکی تری خۆ بەکۆیلەکردن بە دەستی دەسەلاتێکی تر لە ناموویی و رووتگەرای! هەروەها دوور لە درووستکردنی بەها و پرەنسپی مرۆڤی و پاراستن و پێشکەشکردنی ئەرک و مافەکانی مرۆڤ. بۆیە لێرە مەبەستم لەو جۆرە شۆڕشە کە بیری لێ دەکەم ئەوەیە، شۆڕشی بەرهەمهێناوەی ئازادی فکر و فەلسەفی مرۆڤ و کۆمەڵگای مرۆڤی، یاخۆد شۆڕشی ئەسڵی و سەرجەم چەمکەکانی کۆمەلایەتی بێت. باسی من باسی شۆڕشێکە بتوانێت تاکەکەسێکی سەربەست و خاوەن بوون و بڕیاری خۆی سەربەخۆ بەرهەم بهێنێت. شۆڕشێک بێت شۆڕشی گەیشتن بە ناسینی ئالۆزییەکانی دۆنیا بێت. شۆڕشێک بێت بوونی فەلسەفەی سیاسی و دۆخی تاک و کۆمەڵگا و فەلسەفەی بایەخەکانی مرۆڤ لێ بێت.

شۆڕش، ئەوەیە مرۆڤ یاخی ببێت، یاخی ببێت لە هەموو شتە نامووییەکان. یاخی ببێت لەو پرسیارە ئایا من کێم؟ من چیم؟ بۆ من وەکو مرۆڤ هەم؟ بۆ مافی من لە ڕادەیی خۆراوەیە؟ بۆ من لە ژێر پلەی دووەم و سێیەم دام؟ هەروەها لە بارەی دەولەتەوە، ئایا ناسنامەی من چۆن سەرهەڵداوە؟ لە کۆییەوە سەهەڵداوە؟ یاخۆد بۆ نەتەوەی من داگیرکراوەیە؟ لە بەر چ داگیرکراوەیە؟ ئەمە و چەندین پرسیاری تری قووڵی فکری دەبنە سەرتاپای دروستکردنی بزاڤێک بە ناوی بزاڤی شۆڕش کاتێک بابەتەکە لە نێوان خۆدی خۆتدا پەیدابوو ئەو کات بیری شۆڕش وابەستە دەبێت بە دروستکردنی بیری گرووپی، چۆنکە گرووپ بۆ دروستکردنی شۆرەشێکی گەورە لە دەست رزگاری بیری ستەمکاری و چەوساندن ئاڵتەرناتیڤێکی گرنگ و سەرەکییە. ئینجا هەر جۆرێک لە چەوساندن بێت، بۆ نموونە چەوساندنی خێزانی یاخۆد کۆمەڵگا، یاخود دەولەت و سیستەمی سیاسی، یاخۆد ئابووری، یاخۆد کۆمەلایەتی، یاخۆد هەر شتێکی تری بێت بەتایبەتی ئەو ستەمکاریەیە لە ناو پەروەردەی سیستەمەکان دێتەدی.

**بۆ ئەوە ئێمە لە گرووپی شۆڕشی تێبگەین، من دەمەوێت بە دوو شێواز دابەشی بکەم، شێوازی یەکەم:- گرووپە ڕاستەوخۆیەکانە وە شێوازی دووەم:- گرووپە ناڕاستەوخۆیەکانە.**

**(ا)- گرووپی شۆڕشی ڕاستەوخۆیەکان:** ئیش لە سەر خاڵێک دەکات ئەویش ئەوەیە، کە چۆن ئاراستەی کۆمەڵگا لە پرسی سەرخانە بگەرێتە ناو پرسی ژێرخانەوە. مادام مرۆڤ پێکهاتەیەکە لە پێکهاتەکانی فکر ئەو کات فکریش لە پێکهاتی ئاستی هەبوونی مرۆڤ و کۆمەڵگا بەرپرسیارە. ئەم جورە گرووپە پشت بەستن لە سەر رەخنەی ئەقلانی و پرۆژەکان و خاڵە هاوبەشەکانی ژیان و مرۆڤ و ناوچە و جۆگرافی و زمانە جیاجیاکان دەکات. باوەری ئەوان بە ئیشکردنی گرنگ/ جدی هەیە. هەروەها لە سەر خاڵە جیاوازەکانی کەسەکان کۆکن بۆ ئەوە رێگە چارە بدۆزنەوە. ئەم گرووپە بە ئاگایە بیری ئەو لە سەر شتە جەوهەریەکان کۆ دەبێت و دەزانێت هەمیشە رۆداوەکان و شتەکان و دیاردەکان پێویستی بە شیکردنەوەی قووڵی فکری و کۆمەڵناسی و دەروونناسی تاکەکەسی هەیە. سەرخانەی ئەم بیرباوەرەیش، لە بواری سیاسی و کۆمەڵگایەوە سەرچاوە دەگرێت. چۆنکە هەمیشە سیاسەت وەکو زانست و وەکو ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگا دوو پەیوەندی جیاکەرەوە نین، بەلکۆ پەیوەندیەکان بە یەکەوە دەبەستن. ئانکۆ سیاسەت وەکو ژێرخانەی زانستی فەلسەفی دەبێتە بەشی سەرەکی رێکخستنی

ڕۆشنبیری تاک و کۆمەڵگا. بۆیە بە هاوکاری دروستکردنی ئەم جۆرە گرووپانە ڕاستەوخۆ ئیش لە سەر بزاڤی گۆرانکاری دەکرێت. سیاسەت، لە دوو ئاستەوە کاریگەری خۆی دەگەینێت ئاستی دەرەکی وا دەکات کە کۆمەڵگا بەرەو ڕووی ڕاستەقینەی خۆی بچێت و بیر لە ئاستی هۆشیاری خۆی بکات. جگە لەوە بگەرێتە ناو بابەتێکی بچووکی ژیانەوە. بەڵام سیاسەت لە ئاستی ناوخۆیی وا دەکات سترەکتۆرەکان باندۆری خۆیان لە سەر یەکتری هەبێت. هەر بۆ نموونە وەکۆ سترەکتۆری ئابووری چۆن کاریگەری لە سەر سترەکتۆرا سیاسی دەکرێت وە سترەکتۆری سیاسی چۆن کاریگەری لە سەر سترەکتۆری کۆمەڵگا دەکرێت؟ بەو شێوەیە پەیوەندیەکان دەکەونە ناو جورە دیالێکتیکی بەرفرەوانی بیرکردنەوە. ئەم جورە شۆڕشە لە زانستی سیاسی جەوهەری درووست دەبێت وە دەبێتە بنچینەی جەوهەری پسکیۆلۆژی تاکەکەسەکان. زوورجاران بۆی هەیە دەسەڵاتە سیاسیەکان بگۆرێت، بەڵام گۆرینی دەسەڵاتە کۆمەڵگایەکان بە ئاستی ڕێژەداری دەگۆرێت، چۆنکە گۆرینی کۆمەڵگا پەیوەندی بە گۆرینی فکر و دەروون، جەستەی تاکەکەسەکانەوە هەیە. لە سەر ئەم بیرۆباوەرە جەوهەری تاکەکان جەوهەرێکی ئاوا قورسە بۆ ئاستی هۆشیاری و گۆڕانکاری، لەبەرئەوە تاکەکەس لە سەر هەندێک دیواری نەریتی پەروەردەکراوە. بە ساڵانە ئەو پەروەردەکرنەوەیش تاک وای لێ کردووە هەموو ڕەفتارێک وەکۆ گوێ لێ گرتن بە شتە گرنگەکان ببینێت و متمانە بەوە بکات کە شتەکان نەگۆرن، نابێت گۆرین بەسەری دا بهێت. بۆیە ئەو وەکو تاکەکەس بەبێ خوێندنەوەی فکری و فەلسەفی و ڕێکخستنی فاکتەرەکانی خۆی مرۆڤی، ناتوانێت ئاستی بیرکردنەوەی خۆی بە ئاسانی بگۆرێت. هەر لەبەر ئەوە دەبێ ئێمە وەکو کەسە هۆشیارەکان وا تێبگەین، کە کاری گرووپە شۆڕشەکانی ڕاستەوخۆ کارێکی ئەوەندە ئاسان نییە. تاکو گرووپەکان هەوڵبدەن شتەکان بە جارێک بەرەو قۆناغی نوژەنکردن و قۆناغی دامەزراندن ببەن، پێویستی بە جورە ڕێکخستنەوەیەکی قووڵی لە سەر پەیوەندی ماندووبوونی هزری و فەلسەفی و خوێندنەوەی قۆناغە مێژوویەکان و ڕووداوەکان هەیە. چۆنکە ئەم گرووپە کار لە سەر نرخەکانی مرۆڤ لە پێناو ئازادی و دادپەروەری و مافی یەکسانی و مافی پاراستنی یاسایی دەکات. دەبێت زور ناوەکانیش لە خۆیان هەڵبگرێت. هەر وەکو گرووپی ئاشتی، گرووپی ڕۆشنبیری، گرووپی ئەدەبی، گرووپی ئایدیۆلۆژی، گرووپی هونەری و فەلسەفی، گرووپی شانۆی و سینەمایی، گرووپی دامەزراندنی گۆرینی واقیعە ساختەکان و... هتد، هەر یەکێک لەم گرۆپانە دەتوانێت لە ژێر باری تایبەتمەندی و خەسڵەتەکان و پێوەرەکانی خۆی فکرێک درووست بکات و ببێتە پاشخانێکی گەورەی فەڵسەفەی مێژوو بە بوارە تایبەتمەندەکان بۆ دامەزراندنی شێوازگەلێک لە پێشکەشکردنی هۆنەرسازی لە ناو کۆمەڵگای گشتی جیهانی. لە لایەکی تر تاک لە ناو ئەو گرووپ بەندی یە بەشدارە و خاوەن فکری خۆی تایبەتە، بەڵام بەپێ ئەو تایبەتمەندییە ئەرکی تاک، ئەوەیە چەمک بەرهەم بهێنیت بەو مەرجە زیندووی خۆی لە سەر ئەرزی واقیع ئیسپاتی بکات بۆ دونیای ئەمرۆ و داهاتوو ببێتە شاکارێکی گەورە لە دامەزراندنی فکرێکی پلورالیزمی لە سەر ئاستی تەواوی گەردوونی. ئەم جۆرە فەڵسەفەیە پەیامێکە بۆ درووستکردنی بوونی دۆخێکی بەردەوام لە ناو بێکۆتایی بیری جیاواز دا و گەیشتن بە فەرهەنگێکی درێژخانەی پاراستنی هۆشیاری تاکەکەسەکان.

**(ب) ـ گرووپی شۆڕشی نا ڕاستەوخۆیەکان:** ئەم گرووپە پەیوەندی بە کارە نێهنییەکانی سەرخانەوە هەیە، ئیشکردنی ئەم جورە گرووپە ئیشکردنە لە سەر یەکێک ئامرازە لە ناوبردنی جەوهەرە بهایەکان. هەر پرسێکی سیاسی بێت پرسێکی کۆمەڵگا و پرسێکی تاکەکەسی یە. کاتێک سیاسەت بوو پرسێکی بێ کۆمەڵگا و بێ پاراستنی بەرژوەندی تاکەکان، ئەو کاتە سیاسەت لە دەرەوەی خۆی هیچ بەهایەکی گرنگ نامێنیت! بەڵکۆ، دەبێتە خاوەن پاشخانەکی دووری پرسی مێژووی و مەعریفی و بیرکردنەوەی حەقیقەتەکان. گرووپە ناڕاستەوخۆیەکانیش لە زور بوارەوە سەرچاوە دەگرێت، بۆنموونە گرووپە پەروەردەیەکان کاتێک لەگۆر بیری واقیعی دەچین، ئێمە مافی ئەوە هەیە ئەم پرسیارە ئاراستەی خۆیان بکەین و بڵێن، ئایا پەروەردە لە ژێر چ ناوێک و جەوهەرێک دا خۆی ئاراستە دەکات؟ بەجەوهەری سیاسی یاخۆد بە جەوهەری ئاینی یاخۆد بەجەوهەری کۆمەڵایەتی! بەم شێوەیە ئاشکەرا دەبێت لە بری ئەوە سیاسەت، وەکو ژێرخانە گرووپێکی باشی کاریگەری

درووست بکات، دەبێتە هەڵگری دروستکردنی گرووپێکی کارلێکراوی ناموو لە بەردەم پرسە گرنگەکانی تاک و کۆمەڵگا. ئەم جورە گرووپە ناتوانێت کار لە پێناو ئەم پرسیارە " ئایا سیاسەت چییە؟" بکات وە هەوڵبدات ئامانج و خواستی گرووپەکان بخاتە ژێر باری بەرپرسیاری مەعریفی و یاساییەوە، بۆ ئەوە تاکەکەس لەسەر بنەمای خودناسی بیرکردنەوەی خۆی فێری چاوانی تێگەیشتنی هۆنەری سیاسی ببێت. لێرەوە دەبێ ئەوە بزانین ناکرێت ئێمە وابیر بکەین کە هەر جورە گرووپێکی دەرکەوت لە پێناو پرسی پاراستنی کۆمەڵگا یە، یاخۆد تاکەکەسە، یاخۆد دەوڵەتە، بەڵکو هەر یەکێکیان ئامانج و مەبەستی خۆی هەیە. بەڵام دەبێ ئێمە خوێندەواری بۆ ئەو واقیعەیی لە پشتەوەی ئامانج و مەبەستەکانی هەبێت. ئایا ئەم جورە گرووپە لە سەر چ بنەما و چ راستییەک درووست بووە؟ یان پەیوەندی بە چ ئاراستەیەکەوە هەیە؟ هەروەها ئەگەر ئەو ئێدیۆلۆژیە ئایدیۆلۆژیەکی بەرتەسک و داعشی بێت چۆن کۆمەڵگا تیادا سەرکەوتوو دەبێت؟ زیانەکانی ئەو جۆرە گرووپانە چین؟ بۆ چی مەبەستێک درۆستکراون؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری تر بەیان دەبن دەبێ ئێمە وەکو تاک بیر تیادا بکەین، چۆنکە هەر یەکێک لە ئێمە خاوەنی بیرکردنەوەیەکی تایبەت و جیاوازە.

کاتێک هۆنەر و سیاسەت لە ناو کۆمەڵگا بە شێوەیەکی زانستی تیۆری و پراکتیکی هاتووەتەوە پێشێلکردن، ئەو کاتە کۆمەڵێک گرووپ دستەبەردەبن کە ناتوانن خزمەت بگەیێن بە درۆستبوونی سەروەری یاسا و دەستوور. ئەو کاتە فکر و بیرکردنەوەیش لە سەر بنەمای فەلسەفی لە دایک نابێت و ناتوانێت کار لە داهێنانە گەورەکان بکات. ئەمە دیاردەبێت کە گرووپێکی نا شۆڕشی بە ناوی جیاجیا و ئایدیای جیاجیا درۆست بووە بۆ ئەوە دووری پرس و چەمکی زانین و هۆنەر و سیاسەت و ئەخلاق و کەسایەتییەوە یە. بە تایبەتی لە ناو کۆمەڵگای دواکەوتوو دا ئەم جورە بیرکردنەوە بە ئاشکەرا خۆ بەرهەم دەهێنێت، بۆنموونە من دەتوانم باسی دروستکردنی ئایدیا و رێکخراوێکی وەکو گرووپی داعش بکەم، کاتێک رێکخراوی داعش دەرکەوت، بە ناوی ئاینەوە هەوڵی دا جورە تایبەتمەندیەک و دەستوورێک لە بەرنامەی خۆی بەرەو پێشەوە ببات و هاندانی داگیرکردنی چەندین ناوچە وە بە تایبەت ناوچەی عێراق و هەرێم بکات. ئێمە بینیمان لە ژێر ئەو ناوەوە زورینەیی ژنەکان سەرکۆتکران و خەڵکێک خستە ژێر باری کۆمەڵکوژی و سەربرین و رەش نووسی ئایدیا و بیرو باوەرەکان. واتە، مەبەستە گرنگەکە ئەوە یە، ئێمە وەکو کەسانی هزرمەند و سیاسەتمەدار و نۆخبەی رۆشنبیران و تاکی هۆشیار ئەگەر هەبێت! پێویستبا ئەو بیرکردنەوە هەبووە، کە زانیبوایەوە ئایا ئەم گرووپە سەر بە چ ئێدیۆلۆژیکە؟ چۆن درووست بووە؟ بۆچی هەوڵی پەلاماردان و مێژووی ئێمە وەکو ناوچەو و رەسەنایەتی دەدات؟ هەروەها پرسیاری لە هەموویان گرنگتر ئەمە بوو، ئایا خۆدی داعش کێیە؟ کێشەی دەرکەوتنی ئەم رێکخراوە چی بووە؟ ئێمە وەکو هەرێم بەر لە پەیدابوونی داعش خەریکی چی کارێک بووین؟ پرسیاری تر، کاتێک داعش کۆتایی پێهات ئایا ئێمە بەرەو کوێ دەچین؟ هەروەها بەر لەوەی گرووپی داعشی پەیدابێت ئێمە خەریکی چی بووین؟ چ خوێندنەوە بۆ ئەم هەژموونە مەتراسیدارە هەبوو؟ دەبوایە ئێمە ئەم پرسیارە جەوهەری و فەلسەفیانە لە خۆیان کردبوو، چۆنکە داعش نە تەنیا پەیوەندی بە ئێدیۆلۆژی ئیسلامی سیاسی یەوە هەبووە، بەڵکو داعش پرسێکی پرۆژەی سیاسی جیهانی بوو، بۆ تێکدانی پرسی سیاسی، ئاینی، نەتەوەی و نیشتمانی. هەر لە بەر ئەوە گرنگ بوو ئێمە زانیبوایەوە کێشەکە لەکوێ سەرهڵداوە. بۆیە بە بیرکردنەوەی من، شۆڕش بە دوو شێواز دەکرێت شورشێک وا دەکات میللەت بکەوێتە ژێر باری خێر و ئاشتی و بەرپرسیاریەوە بە لایەنی ئەرێنیەوە، وە شۆڕشێکی تریش وا دەکات میللەت بکەوێتە ژێر باری دواکەوتوو و تۆندوتیژی و نادادپەروەری و نا یاسایی و نا بەرپرسیاریەوە بە لایەنی نەرێنیەوە. بۆ نموونە شۆڕشێکی وەکو چاکسازی "مارتن لۆسەری" لە سەر ئاستی چاکسازی ئاین و دەسەڵاتەوە بەشێکی هۆشیاری کۆمەڵگا درۆستی کرد وە ئەرک و مافی تاکەکەسی و کۆمەڵگا راگەیاند و لە سەر ئاستی هێڵی ئاورۆپا بووە دەرئەنجامی دروستکردنی دامەزراندنی سیاسەتێکی نوێ. بەڵام کاتێک "بەهاری عەرەبی" لە ناو دەوڵەتەکانی عەرەب وەکو سوریا و تونس و عێراق و لیبیا دەرکەوتن، راستە گرووپی جیاجیا پەیدابوون و خەڵکی ئەوان هەوڵی دا داوای ئەرک و مافی خۆیان بکەن، بەڵام گۆرینی دەسەڵاتەکان دۆخێکی وێرانتری جێ بەجێ کرد، چۆنکە زەمینەی

بیری کۆمەڵگا هێشتا لە قۆناغی نابەرپرسیاری و نا ئامادەکاری دۆخەکە بوو. بۆیە کۆمەڵگاکان بە ئاراستەیەکی تر کەوتنە ژێر باری هەڵە کردنەوە، ئەویش ئەوە بوو کە پێش دەسەڵاتەکانی خۆیان بخوێنن و ڕێکبخەن و بکەونە ناو بیرکردنەوەی سیاسەتێکی نوێ، هەوڵی بدەن خۆیان وەک فکر و تێگەیشتن لە چەمکی سیاسی و کۆمەڵناسی و دەروونناسی بخۆنێن و ڕێکبخەن و بکەنە هاووڵاتییەک و ژینگەیەکی نوێ، پاشان بە دوای ڕێگە چارە بگەڕێن و دەسەڵاتەکانی خۆیان بگۆرن. لێرەوە من دەمەوێت ئەمە بڵێم، گرووپ بەندی ئایدیۆلۆژی لە گرووپ بەندی نا ئایدیۆلۆژی جیا یە و ئەمە ناهێتە ئەو مانایە کە دەبێ سیاسەت لە فکر و بیرکردنەوە جیابکرێت، بەڵکۆ دەبێ لە هەموو لایەکەوە خوێندنەوەی ئێمە بۆ گرووپەکان هەبێت، چۆنکە ئێمە تا ئێستا لە بەردەم کارە گرنگە و پێویستەکانی زانین و ژیان دەرەنگ مانەوە داین، بۆیە ناکرێت ئیتر خۆی دەرەنگ جێ بهێڵن و دەرەنگ بیر لە شتەکان و دیاردەکان و ڕووداوەکان بکەین، دەبێ ئێش لە سەر پرۆژە نووسینی مێژووی خودی ڕاستەقینە بکەین وە وێنەییێکی نوێ لە سەر ئاستی مەعریفە و چارەنووسی مانەوەی خۆیان دابمەزرینن. وە خۆیندنەوەی تری فەلسەفیانە بۆ درۆستکردنی گرووپەکان بکەین و بڵین ئایا بۆچی گرووپەکان زوو هەلدەوە شێن؟ ئایا ئەو بەربەستانە چین کە **ناهێڵن** گرووپ هەر بە زیندوو بمێنێت؟ هەروەها کێشەکانی لە ناوچوونی گرووپ بەندی چین؟ بۆچی ئێمە ناتوانین بگەینە خاڵە هاوبەشەکانی گرووپ؟ بۆچی گرووپ نابێتە پەیامێک لە پەیامەکانی گەیشتن بە ناو خۆدی کات و بوون و جیهاندا؟.

جوان عزەت

کوردستان/ باشوور

بەروار: هاڤینا 2023/7/30